# پەسەندکردنی ئازارشکێنێك بۆ شەکرەداران

**پاش ئەوەی لە سەپتەمبەری ساڵی 2004 دا FDA ی ئەمێریکایی بڕیاری دا دەرمانی (Cymbalta = Duloxetin) وەك ئازارشکێنێك بۆ دامرکاندنەوەی ئازارەکانی شەکراداران پەسەند بکات ، نوکە ئەورووپاییەکان پێشنیاردەکەن هەمان دەرمانیش لە ئەورووپادا بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێت . ئەوەی شایانی باسە ئەمڕۆ لە دونیادا دەرمانی نێوبراو کە تێکەڵاوێکە لە سێرۆتۆنین و نۆرئەدرێنالین وەك دژە خەمۆکی بەکاردەهێنرێت .**

**هۆی ئەم پەسەندکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی لەسەر دەرمانەکە ئەنجامدراوە. بەپێی ئەنجامی دوو توێژینەوەیە کە 1000 نەخۆشی لەخۆگرتبوو Cymbalta دەبێتە هۆی کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی ئازاری شەکرەداران ، ناوبراو کاردەکاتە سەر پەراوێزی گچکە دەمارەکان و ئازارەکە کەم دەکاتەوە .**

**ئەوەی شایانی باسە ئازاری پەراوێزی گچکە دەمارەکانی شەکرەداران یەکێکە لەو ئاڵۆزکارییانەی تووشی شەکرەدار دەبێت و زۆرجار هەر لە 3 شەکرەدار 2 یان تووشی ئەم جۆرە ئازارە دەبن .**

**ئازارەکە لە شێوەی سووتاوی دایە و هەندێکجار ناوبەناوە ، بە تایبەتی تووشی پێکان دەبێت و پاشتر دەستەکانیش دەگرێتەوە .**

**سەرچاوە**

1.www.dagensmedicin.se © 050531, 09.10.